

## سەرۆکی ریال مەدرید دڵنیایە لەوەی ناوبژیوانان لەدژی یانەکەی کار دەکەن..

# پێرێز چیدی رێگە نادات ناوبژیوانان یارمەتی بارسا بدەن

رووداوی وەرزشی ـ ABC

رۆژنامەی ABCی ئیسپانی، رایگەیاند فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید، دڵنیایە لەوەی سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی ئیسپانیا یارمەتی یانەی بارسیلۆنا دەدات، بۆیە هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی لەسەر کارەکەی لابدات.

وەک ئەو رۆژنامەیە باسی دەکات، لەدوای ئەو هەڵە گەورەیەی ناوبژیوان لە یاری مالاگا و بارسیلۆنا کردی، کە گۆڵێکی نا دروستی بۆ بارسا ئەژمارکرد، پێرێز گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە دەستێکی نهێنی هەیە وا دەکات هەندێک لە ناوبژیوانان بڕیارەکانیان بۆ بەرژەوەندی بارسا بدەن و دەڵێت "پێرێز دڵنیایە لەوەی سانچێز ئەرمینیۆی سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان یارمەتی بارسا دەدات، بەتایبەتیش کە ئەو هاندەرێکی سەرسەختی یانەی کەتالۆنییە".

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، سەرۆکی ریال مەدرید دەستی بە هەوڵەکانی کردووە بۆ دوورخستنەوەی سانچێز لە پۆستەکەی، کە لەوەتەی ساڵی 1993ەوە وەریگرتووە، بۆ ئەوەش یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیای ئاگادارکردووەتەوەو دەشڵێت "پێرێز لە هەڵوێستێکی بەهێزدایە، بەهۆی ئەوەی کارگێڕی چەندین یانەی دیکەی لالیگاش پشتگیری لێدەکەن و پێیانوایە ناوبژیوانان ستەمیان لێ دەکەن، کە بریتین لە هەریەک لە دێپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا، لاس پالماس، سیڤیا، مالاگا، ئیبار و ئیسپانیۆل".


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (471) سێشەممە 2017/10/31 9ی گەلاڕێزان - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات


## فرانس فوتبۆڵ دەیەوێ رەواج و ناوبانگ بۆ باڵۆن دۆر بگەڕێنێتەوە..

# مسۆگەر نییە

"لەوانەیە رۆناڵدۆ ببێتە قوربانی ململانێی نێوان فیفا و فرانس فوتبۆڵ"

" تەنیا رۆژنامەنووسان دەنگ بۆ براوەی باڵۆن دۆر دەدەن "




3


## دیکتاتۆرەکەی بارسا پێیوایە 5 کەس خیانەتیان لێکردووە




5



2


ئامانجی داهاتووی دالکورد نازناوی خولی نایابی سوێدە




2


فریستایلیکی کورد پێنجەمی بەریتانیایە




6


هەڵگەڕانەوە گەورەکە و نەبوونی پلان B ی زیدان




KOREK Telecom

هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە



## سوپاس ڕووداو

یانەی دالکورد، دوای گەیشتنی بۆ خولی نایابی سوێدی (ئالسفێنسکان)، سوپاسی تۆڕی میدیایی ڕووداوی کرد. ڕەمەزان کزل، سەرۆکی یانەکە سوپاسی تۆڕی میدیایی ڕووداوی کرد و گوتی «سوپاسی هەموو خەباتکارانی تۆڕی میدیایی ڕووداو و بەتایبەتیش (دێسکی وەرزشی) دەکەین بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی لە ماوەی ڕابردوودا بە یانەی دالکوردی کردووە، دووبارە سوپاس بۆ ڕووداو کە ئەویش هۆکارێک بوو بۆ گەیشتنمان بە خولی نایابی سوێدی».

### دوای دەستکەوتە مێژووییەکەی..

# ئامانجی داهاتووی دالکورد نازناوی خولی نایابی سوێدە

**سامان وڵاتژێڕی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

یانەی دالکورد، دوای تەنیا 13 ساڵ لە دامەزراندنی، خەونەکەی بە گەیشتن بە خولی نایابی سوێد (ئالسفێنسکان) کردە ڕاستی و دەستکەوتێکی مێژوویی لە تەمەنێکی زۆر کورتدا بەدەستهێنا.

دالکورد کە ئەم وەرزە باشترین ئاستی لە خولی پلە یەکی سوێد (سوپێرتان)دا پێشکەشکرد، لە گەڕی 29ی خولەکەدا بە گوڵێکی بێبەرامبەر کە لەلایەن ڕاوێژ لاوان، ئەستێرەی کوردی یانەکەوە تۆمارکرا، سەرکەوتنی بەسەر یانەی گایس یۆتۆبۆری بەدەستهێناو کۆتایی بە چاوەڕوانییەکانی هەموو کورد بۆ سەرکەوتن هێنا.

دوای بردنەوەی ئەو یارییە، دالکورد بووە مژاری گەرمی میدیای سوێدو باشووری کوردستان، تەنانەت لە میدیای عەرەبیش نووسرابوو (هەواڵێکی خۆش بۆ هەموو کوردانی جیهان) ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دەستکەوتە مێژووییەکەی ئەو یانەیە کە دوور لە وڵات و خاکی خۆی بە دەنگ و ڕەنگی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە بەدەستیهێناوە.

دالکورد لە 29 یاری ڕابردوودا 17 یاری بردووەتەوە، لە 6 یارییدا یەکسانبووەو 6 یاری دۆڕاندووە، لەو یارییانەدا یانەکە 55 گوڵی تۆمارکردووەو 24 گوڵی لێکراوەو بەهێزترین هێڵی هێرشبەر و بەهێزترین هێڵی بەرگریشی هەیە. ئێستا پێشکۆتاییهاتنی خولەکە بەیەک گەڕ خاوەنی 57 خاڵە لە پلەی دووەمی ڕیزبەندو بە جیاوازیی تەنیا یەک خاڵ لە دوای یانەی برۆماپۆیکارنا دێت و لە ئەگەری دۆڕانی برۆما لە یارییەکەی بەرامبەر ئۆستێرس و بردنەوەی دالکورد لە ترێلیبۆرگس دالکورد دەبێتە پاڵەوانی سوپێرتان و بە پلەی یەکەم سەردەکەوێت.

ڕەمەزان کزل، کە ساڵی 2004 بە هاوکاری چەند کۆچبەرێک لە شاری دالارنای سوێد یانەکەی دامەزراندووە، زۆر دڵخۆشە بەبەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە مێژووییەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لە ڕێگەی ڕووداوەوە پیرۆزبایی ئەم دەستکەوتە لە هەموو کوردانی جیهان دەکەین، لێرە بەدواوە ئەرکی ئێمە زۆر زەحمەتترەو هەوڵدەدەین لە ئاست جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا بین». کزل گوتیشی «دەزانین لە هەموو پارچەکانی کوردستان شەڕ هەیە، زۆر دڵخۆشین لێرەوە بتوانین هەندێک لە ئازارەکانی میللەتەکەمان کەمبکەینەوەو ئەم سەرکەوتنە پێشکەشی هەموو پێشمەرگەو هێزە وڵاتپارێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەین».

لەبارەی هۆکاری سەرکەوتنەکانی دالکورد کزل گوتی «ئێمە بە ئاڵای کوردستانەوە یارییدەکەین و کاتێکیش دەبینین لە پێناو ئەو ئاڵایە یارییدەکەین، ئەرکێکی قورسترمان لەسەر شان دەبێت و ئەوە وامان لێدەکات زیاتر خۆمان ماندوو بکەین لەپێناو بردنەوەو سەرکەوتن، هەر ئەوەش وایکردووە دالکورد ژمارەیەکی زۆری کورد لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە».

کزل گوتیشی «ئەمە دەستپێکی چیرۆکی سەرکەوتنی ئێمەیەو ڕێگەی ئێمە دوورو درێژە، کار بۆ سەرکەوتنی زیاتر دەکەین، لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردووشدا ئەوەی کردوومانە بۆ ئەوە بووە بگەینە ئەمڕۆ و لەمڕۆوە ئەرکی ئێمە زۆر قورسترە، وەرزی داهاتوو لەسەر پلان و بەرنامەی خۆمان بەردەوام دەبین و بۆ بردنەوەی نازناوی خولی نایابی سوێد یارییدەکەین». لەبارەی گواستنەوەی یاریزانی نوێ بۆ یانەکەیان سەرۆکی دالکورد، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە دەمانەوێت ژیلوان حەمەد و بڕوا نوری ببەینە ریزەکانمان، بەڵام ئەوان گرێبەستیان لەگەڵ یانەکانیان هەیە، بەڵام دەتوانم موژدەی ئەوە بدەمە هەموو هاندەرانی یانەکە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دوو یاریزانە بە درێسی دالکوردەوە یارییدەکەن، پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ ئەو دوو یاریزانە هەیە».

سەرۆکی یانەی دالکورد، پەسنی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی داو گوتی «ئەوەی ڕووداو بۆ یانەکەی کرد بە گەیاندنی هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە یانەکە هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی یانەکەبوو بۆ گەیشتن بە خولی نایابی سوێد».

> «تۆڕی میدیایی ڕووداو هۆکارێک بوو بۆ گەیشتنی دالکورد بە خولی نایابی سوێد»

ئەمیر ئازرەفشان، یاریدەدەری ڕاهێنەری دالکورد کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو چەندین ساڵە لەگەڵ یانەکە کاردەکات، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ناتوانم بەهیچ وشەیەک وەسفی سەرکەوتنەکەمان بکەم، هەمووان دەزانن کە کوردبوونی ئێمە هۆکاری ئەو سەرکەوتنە مێژووییە بوو».

ئازرەفشان زیاتر گوتی «کاتێک یارییەکەمان بردەوەو گەیشتینە خولی نایابی سوێد لەگەڵ یاریزانەکان پڕ بەدڵ بۆ سەرکەوتنەکە گریاین، دایکم کە هیچیش لە تۆپی پێ نازانێت بۆ سەرکەوتنە مێژووییەکەمان گریا».

یاریدەدەری یانە کوردییەکەی سوێد گوتیشی «ئێمە ڕێگەیەکی دوور و درێژمان بڕی تاوەکو گەیشتینە خولی نایابی سوێد بەتایبەت کە لە دوایین ئاستی خولی سوێدییەوە دەستمان پێکرد، کە پلەی حەوتی وڵاتەکەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگەی ئێمە لێرەوە دەستپێدەکات، چاومان لەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرامبەر یانە گەورەکانی ئەورووپا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا یاری بکەین و بەرامبەر یانەیەکانی ئەو وڵاتانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن بە ئاڵای کوردستانەوە یاری بکەین».

ڕێوان ئەمین، یاریزانێکی کوردی شاری دهۆکی باشووری کوردستانەو لە ڕیزەکانی دالکورد لەم وەرزەدا ئاستێکی بەرزی پێشکەشکردووە، لەبارەی گەیشتنیان بە خولی نایابی سوێد گوتی «یارییکردن لەژێر ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان وایکردووە ئێمە خۆمان زیاتر ماندوو بکەین و بتوانین ئەم دەستکەوتە بەدەستبهێنین.

دالکورد لە ساڵی 2004 لە شاری دالارنای سوێد لەلایەن چەند کۆچبەرێکی کوردەوە دامەزراوەو ناوەکەشی لە دوو برگە پێکهاتووە، (دال + کورد) دالەکە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو شارەی یانەکەی لێیەو کوردەکەش بۆ نیشاندانی یانەکەیە وەک یانەیەکی کوردی.



# فریستایلێکی کورد پێنجەمی بەریتانیایە

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

ڕێباز مەحموود، گەنجێکی کوردی دانیشتووی شاری بێرمنگهامە لە بەریتانیا، توانی لە نمایشی فریستایل پلەی پێنجەم لەسەر ئاستی بەریتانیا مسۆگەر بکات و لە تۆپ 18ی کیشوەری ئەورووپاشە.

ڕێباز، ساڵی 2012 دەگاتە وڵاتی بەریتانیا، ئیدی لەوێوە درێژە دەدات بە ئارەزووەکەی سەردەمی منداڵی، کە وەرزشکردن و تۆپی پێیە، بۆیە هەرزوو خۆی لە یەکێک لە تیپەکانی تۆپی پێ لەسەر ئاستی پیشەگەری ناونووس دەکات و بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەردەوام دەبێت.

ڕێباز بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ساڵی 2014 دەستم بە فریستایل کرد کە لە ئەورووپا زۆر بەربڵاوەو جەماوەرێکی زۆری هەیە، بۆیە ئەو یارییەم هەڵبژاردو بڕیارمدا پەرە بە تواناکانم بدەم».

فریستایل، بریتییە لە نمایشکردنی تۆپی پێ بەشێوەیەکی هونەری و ستایلی جیاواز لە ڕێگەی چەندین برگەی جیاواز، ڕێباز گوتی «ساڵی 2015 بەیەکجاری وازم لە یاریکردنی تۆپی پێ لە یاریگەی گەورەو بچووک هێناو لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا تەنیاو تەنیا سەرقاڵم بە فریستایلەوە، تەنیا ئامانجیشم ئەوەبوو تایبەتمەندی خۆمی تێدا وەربگرم و بە ئاڵای کوردستان و بەریتانیاوە بەشداری لە تۆرتۆمێنتەکان بکەم». ئەو فریستایلە کوردە، گوتیشی «دوای 2 ساڵ ماندووبوون، ئەمساڵ لە پاڵەوانیەتی بەریتانیای گەورە بەشداریم کردو پلەی پێنجەمم بەدەستهێنا، لە مانگی ئەیلولی ڕابردووش لە شاری مانچێستەر بەشداریم لە پاڵەوانیەتی ئەورووپادا کردو پلەی هەژدەمم بەدەستهێنا».

ڕێباز ئاماژەی بۆ ئەوەکرد هەر کارێک یان نمایشێک کە دەیکات هەوڵیداوە بۆ هەموو لایەک سوودبەخش بێت و لە یوتیوب بڵاویدەکاتەوەو گوتی «لە ڕێگەی سۆشیال میدیاشەوە زۆربەی نمایشەکانم دادەنێم».

### ئەم وەرزە بە درێسی نەجەفەوە دەبینرێ..

# فەرحان بیری سلێمانی دەکات



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ نەجەف**

فەرحان شوکر، یاریزانی کوردی پێشووی یانەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «ئەمساڵ کۆمەڵێک گرێبەستم بۆ هاتبوو لەلایەن یانە جەماوەرییەکانەوە، بەڵام یانەی نەجەفم هەڵبژارد».

فەرحان شوکر، وەرزی ڕابردوو لەگەڵ یانەی نەفتی ناوەڕاست توانی ئاستێکی بەرز لە خولی نایابی عێراقی پێشکەش بکات، بۆ ئەمساڵیش ناوبراو بڕیاریداوە درێژە بە کاروانی وەرزشیی خۆی لەگەڵ یانەیەکی دیکەی عێراقی بدات، ئەویش یانەی نەجەفە. فەرحان شوکر، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئەو لەنێو چەندین دەستەوارەدا کە لەلایەن یانە گەورەکانی عێراقەوە بۆی هاتوون، دەستەوارەی یانەی نەجەفی هەڵبژاردووەو سەبارەت بە هۆکاری ئەو بڕیارەی گوتی «یانەکانی شورتە و مینا و چەند یانەیەکی دیکەش داوایان لێکردم بچمە ڕیزەکانیان، بەڵام کە یانەی نەجەف داوای گرێبەستی لێکردم ئەو یانەیەم هەڵبژارد، چونکە پێموایە ئەو یانەیە گونجاوترین یانەیە بۆ من».

لەبارەی یانەکەی پێشووتریشی، کە یانەی سلێمانییەو بڕیارە ئەمساڵ بگەڕێتەوە خولی عێراق، فەرحان شوکر گوتی «بیری هەموو یاریزان و تیپی شارەکەم دەکەم، بەڵام بەداخەوە کە بارودۆخی یانەکانی کوردی بە گشتی باش نییە، بۆیە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە خولی عێراقی». لەبارەی هەڵبژاردەی عێراقیش یاریزانی ناوبراو گوتی «من ئێستا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆڵیمپی عێراقی ماوم و لە ماوەی داهاتوو یارییمان دەبێ، پەیوەندی بە ڕیزەکانی هەڵبژاردەی عێراق دەکەمەوەو دەمەوێت باشترین ئاست پێشکەش بکەم».

> «پەیوەندی بە هەڵبژاردەی ئۆڵیمپی عێراقەوە دەکەمەوە»





پلە سێیە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان لە بەرازیل، ئاشکرایانکرد یانەی ساو پینتۆ، کە لە خولی پلە سێی بەرازیلی یاری دەکات، بەنیازە گرێبەستێک پێشکەشی ریکاردۆ کاکای ئەستێرەی بەرازیلی بکات بۆ ئەوەی بچێتە ریزەکانی، کە کاکا بەمدواییە بڕیاریدا واز لە یاریکردن بێنێت و رازی نەبوو گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ئۆرلاندۆی ئەمریکی نوێ بکاتەوە. بەپێی ئەو سەرچاوانە ئەو یانەیە بەنیازە ئەدریانۆی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیلیش بباتە ریزەکانی.

KOREK Telecom

ئەگەر دۆن خەڵاتەکەش بباتەوە بە جیاوازییەکی کەم دەبێت..

# باڵۆن دۆر بۆ ڕۆناڵدۆ مسۆگەر نییە

ئا: ڕووداوی وەرزشی

دوای ئەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، خەڵاتی باشترین یاریزانی لە ئەوروپا (یویفا) و باشترین یاریزانی لە جیهان (فیفا) بەدەستهێنا، پێشبینی دەکرێ خەڵاتی باڵۆن دۆریش بەدەستبێنێ، کە گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فەرەنسی لە کۆتایی ساڵ پێشکەشی دەکات، کە بەبۆچوونی زۆرینە گرنگترین و دێرینترین خەڵاتە.

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2010 بڕیاریدا، هاوبەشی لەگەڵ گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ بکات، بۆ لێکدانی خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهان و باڵۆن دۆر و بیکاتە یەک خەڵات، بەڵام شتەکان دووبارە ئاڵۆز بوونەوە، کاتێک هەردوولا لە ئەیلوولی 2016 بڕیاریاندا لە یەکدی جیاببنەوە. فیفا بڕیاریدا خەڵاتێکی تایبەت بەخۆی پێشکەش بە باشترین یاریزانی جیهان بکات، بە ناوی ( باشترین ـ زە بێست)، کە رۆژی دووشەمەی رابردوو ڕۆناڵدۆ بۆ جاری دووەم لەدوای یەک بەدەستیهێنا، لەو کاتەی گۆڤاری فرانس فوتبۆڵ لەسەر پێشکەشکردنی خەڵاتی (باڵۆن دۆر)، بەو پێوەرانەی بەلایەوە گونجاوە بەردەوام بوو.

## ئەرکی ئەمجارە زەحمەتترە

هەرچەندە موشەکی مادێرا دیارترین پاڵێوراوە، بۆ ئەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ جاری دووەم لەسەریەک بباتەوە، لەبەر ئەو نازناوانەی لەگەڵ ریال مەدرید لە وەرزی رابردوو و سەرەتای ئەم وەرزە بەدەستیهێناون، کەچی شتەکان لەسەری قورستر دەبێ، بەبەراورد بەهەردوو خەڵاتی یویفا و فیفا، کە بەئاسانی و بە جیاوازییەکی زۆر لە نزیکترین رکابەرانی یەکلایی کردنەوە.

لەوەتەی فیفا و فرانس فوتبۆڵ لە یەکدی جیابوونەتەوە، فرانس فوتبۆڵ بە بنەمای جیاواز لە فیفا گوزەر دەکات، هەتا راگەیاندراوێکیشی بڵاوکردەوەو تێیدا هۆکارەکانی ئەو جیابوونەوەی روونکردەوە، دووپاتیشی کردەوە هۆکاری سەرەکی ئەم کارە، نەبوونی پێوەری باوە لە خەڵاتەکە، کە لە ساڵی 1955 دامەزراوە، ئەوەش ئا ما ژە یە کی

> «فرانس فوتبۆڵ دەیەوێ براوەی باڵۆن دۆر لەسەر بنەمای ئاستی یاریزان نەک نازناوەکان دەستنیشان بکات»

ڕوونە، لە ناڕازیبوونی لەو شێوازەی، کە براوەی خەڵاتەکەی پێ دەستنیشان دەکرا، ئەوکاتەی لەگەڵ فیفا هاوبەش بوو.

فرانس فوتبۆڵ نەیتوانی لە ساڵی یەکەمدا گۆڕانکاری ریشەیی بکات، چونکە جیابوونەوەکە 3 مانگ پێش دابەشکردنی خەڵاتەکە بوو، بۆیە ڕۆناڵدۆ خەڵاتەکەی بردەوە، وەک پێشبینی دەکرا، دوای بەدەستهێنانی نازناوی چامپیۆنزلیگ لەگەڵ ریال مەدرید، نەخاسمە ئەو لەو ساڵەدا، مێسی لەسەر ئاستی تاکە کەسی ئاستێکی بەرچاوی پێشکەش نەدەکرد، تۆماری گۆڵکردنی لە لیگا و چامپیۆنزلیگ، بەبەراورد بە ساڵەکانی پێشوو دابەزیبوو.

بەڵام لەوانەیە ئەمساڵ شتەکان بگۆڕێن، لەوانەیە فرانس فوتبۆڵ مێزەکە بەسەر فیفا و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ سەراوژێر بکات، بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە، ئەو خەڵاتە وەکجاران بە گوێرەی (کەشوهەوای گشتی) گوزەر ناکات، بەڵکو ئەو خەڵاتە بە درێژایی دەیەکانی رابردوو بایەخی خۆی بەدەستهێناوە، ئەو تەنیا بایەخ بە بەناوبانگترین یاریزان، یان خاوەن خەڵاتەکان نادات، وەک ئەوەی لە خەڵاتەکانی فیفا و یویفا روودەدات، کە پێشتر مایکل ئۆین، شیڤشینکۆ و پاڤل نێدڤید خەڵاتەکەیان پێدراوە، لەو کاتەی ناوی زیدان، ڕۆناڵدۆی دیاردە و تێری هێنری دەبریقایەوە.

## ناوبانگی دەگەڕێنێتەوە

فرانس فوتبۆڵ خەریکە هەست بەوە دەکات، خەڵاتی باڵۆن دۆر بایەخی خۆی لەدەستداوە، لەبەرئەوەی لە ئاهەنگێکی گەورەو بە ئامادەبوونی ئەفسانەکانی یارییەکە پێشکەش ناکرێ، وەک ئەوەی فیفا دەیکات، لە لایەنی رەواج پەیداکردنیش چیدی ناتوانێت رکابەری فیفا بکات، بۆیە لەوانەیە تاکە بژاردەی بۆ رزگارکردنی خەڵاتەکە ئەوە بێت، بیداتە یاریزانێکی پێشبینی نەکراو، یان یاریزانی شایستە بە کردار، بە بۆچوونی زۆرانەوە، بۆ ئەمساڵیش لەوانەیە ئەو ناوە، لیۆنێل مێسی بێت، ئەگەر بمانەوێ باسی ئاست نەوەک نازناوەکان بکەین.

## باڵۆن دۆر لۆجیکیترە

ئەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆر جیادەکاتەوە، بە دەنگدانی 193 رۆژنامەنووس لە سەرتاسەری جیهان دەبەخشرێ، نە جەماوەر و نە کاپتن و راهێنەری هەڵبژاردەکان بەشداری ناکەن، کە لە خەڵاتی (زە بێست) وا دەکرێ، وەک نەریتێک بژاردەی رۆژنامەنووسان لۆجیکیترە، چونکە ئەوان بەردەوام ئاگایان لە هەموو شتێکی گەورە و بچووکی یاریزانان هەیە، بۆیە بەزۆری پێوەریان بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزان، لە پێوەری یاریزانان و راهێنەران جیا دەبێت. ئەوە مانای وا نییە ڕۆناڵدۆ دوای دوو مانگی دیکە، باڵۆن دۆر لە بەرژەوەندی مێسی لەدەست دەدات، بەڵام رکابەرییەکە بۆ دۆن ئەستەمتر دەبێ، لەوانەیە نزیکییەکی زۆر لە ئەنجامی دەنگدانەکە ببینین، بەڵگەش لەسەر ئەو قسانەمان ئەوەیە، لیستی پاڵێوراوان بۆ خەڵاتی باڵۆن دۆر، ناوی لۆجیکیتری لە لیستی پاڵێوراوان بۆ خەڵاتەکەی فیفا بەخۆوە دیوە. بۆ نموونە، پاڵاوتنی درایس مێرتینز بۆ خەڵاتی باڵۆن دۆر بۆ ساڵی 2017، کە فیفا بەتەواوی فەرامۆشی کردبوو، هەمووشمان دەزانین ئەو هێرشبەرەی ناپۆلی، ئاستێکی باشی لەو ساڵەدا پێشکەش کردووە، هەمان شت سەبارەت بە سادیۆ مانێی هێرشبەری لیڤەرپوول. لە نموونە گرنگەکانی دیکەش، کە ئاراستەیی فرانس فوتبۆڵ و بایەخدانی بە ئاستی یاریزانان بەشێوەیەکی وردتر، بەدوانەکەوتنی ئەستێرەیی یاریزانەکان و ئەو تریفە راگەیاندنیەی چواردەوری داون روون دەکاتەوە، ناوی ئەندرێس ئینێستای ئەستێرەی بارسێلۆنای نەخستووەتە نێو لیستی پاڵێوراوانی بۆ بردنەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ئەمساڵ، هەرچەندە هەمان یاریزان بۆ خەڵاتی زە بێست پاڵێوراو بوو، هەرئەوەندە نا، بەڵکو ناوی لەنێو پێکهاتەی ساڵیش هەبوو، هەمووشمان دەزانین ئینێستا وەرزی رابردوو لە خراپترین ماوەیدا بوو، زۆریش بەشداریی یارییەکانی نەکرد، تەنانەت لە کاتی بەشداریکردنیشی ئاستی پێویست پێشکەش نەدەکرد.

> «تەنیا 193 رۆژنامەنووس دەنگ بۆ باڵۆن دۆر دەدەن»





لاروخا دەبێتە قوربانی کەتالۆنیا..

# ئیسپانیا ناتوانێت یانەکانی کەتالۆنیا دەربکات

ڕووداوی وەرزشی ـ Sport

شارەزایانی یاسایی دووپاتی دەکەنەوە، جیابوونەوەی کەتالۆنیا لە کاتی ئێستا بەدوور دەزاندرێ، چونکە حکومەتی ئیسپانیا ددانی پێدا نانێ، دانپێنانی ئەوروپی و نێودەوڵەتیشی نییە، بەڵام ئەوەی قورەکە خەستتر دەکات، ئەنجوومەنی پیرانی ئیسپانیا، کەتالۆنیای خستە ژێر ئامۆژگاری حکومەتی مەدریدەوە، بۆیە دوور نییە لە ماوەی داهاتوودا، دەستوەردانی تەناهی و سەربازیی رووبدات.

پرسیارە گرنگەکەی ئێستای پەیوەست بە وەرزش ئەوەیە، چی دەبێت ئەگەر کەتالۆنیا ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆی خاوەن قەوارەیەکی سەربەخۆ؟ یاسا و رێساکان دووپاتی دەکەنەوە، ئەوە بەلایەنی کەمەوە تاوەکو 6 ساڵی دیکە روونادات، تاوەکو دەبنە خاوەن یەکێتییەکی سەربەخۆی تۆپی پێ و هەڵبژاردەی کەتالۆنیا بتوانێ بەشداری لە پاڵاوتنەکانی کیشوەری و جیهانیدا بکات. بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا، ناتوانێ رێگە لە بەشداریکردنی تیپەکانی کەتەلۆنیا بگرێ، لەبەرئەوەی جیابوونەوەی راستەقینە رووی نەداوە.

ئەگەر ئەوەش وەک جۆرێک لە جۆرەکانی فشاری سیاسی رووبدات، فیفا راستەوخۆ ئەندامیەتی ئیسپانیا هەڵدەپەسێرێ و لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان رایدەگرێ، لەوانەیە شتەکە بگاتە رادەی، رەتکردنەوەی بەشداریکردنی لە مۆندیالی داهاتوو 2018 لە رووسیا.

ئەگەر جیابوونەوە رووبدات، تیپەکانی کەتالۆنیا دەتوانن داوای یاریکردن لە پاڵەوانیەتییەکانی ئیسپانیا بکەن، بەڵام ئەوکات بڕیارەکە بەدەستی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا دەبێ، ئەگەر رازی بێ یان رازی نەبێ، ئەوکات هیچ سزایەک نادرێ، چونکە ئەوکات تیپەکانی کەتالۆنیا، نە لە رووی سیاسی و نە لە رووی وەرزشییەوە، چیدی سەر بە ئیسپانیا نابن.

> «مەترسی دوورخستنەوەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە مۆندیالی 2018 لە ئارادایە»

فیفا بڕیارێک لە بەرژەوەندی یانەی شاهانە دەدات..

# ڕیال مەدرید 5 ئەستێرەی مۆندیالە

ڕووداوی وەرزشی ـ Sport

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی، کۆتایی بە مقۆمقۆیەکی درێژخایەن هێنا لەبارەی ریزبەندی ئەو یانانەی کە زۆرترین نازناوی جامی جیهانی یانەکانیان بردووەتەوە. دوای ئەوەی بە فەرمی بڕیارێکی دەرکرد و ئەو بڕیارەش لە بەرژەوەندی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیدا بوو، کە بەهۆیەوە پێشەنگی ریزبەندەکەی دەگرێت.

جیانی ئینفانتینۆی سەرۆکی فیفا رایگەیاند، یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاریداوە دان بەو پاڵەوانیەتییانەی جامی جیهانی یانەکاندا بنێت، کە لە شەستەکاندا لە ژێر ناوی پاڵەوانیەتی (جامی ئینتەر کۆنتیننتال)دا ئەنجام دەدران.

سەرەتا فیفا ئەو پاڵەوانیەتییەی هەڵوەشاندەوە تاوەکو لە ساڵی 2000 دەستیپێکردەوە، بەڵام ئەمجارە لە ژێر ناوی (مۆندیالی یانەکان).

بەپێی ئەو دانپێدانانەی فیفا، یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەبێتە خاوەنی زۆرترین نازناو لە مێژووی ئەم پاڵەوانیەتییەدا، بە بردنەوەی 5 نازناو، لەدوای ئەویش یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی دێت بە بردنەوەی 4 نازناو.

خشتەی سەرەوە ریزبەندی ئەو یانانە نیشان دەدات، کە زۆرترین نازناوی مۆندیالی یانەکانیان بردووەتەوە و زۆرترین جاریش پلەی دووەمیان بەدەستهێناوە.

Copas por Equipo

| Equipo | Campeon | Subcampeon |
|---|---|---|
| Real Madrid | 5 | 2 |
| Milan | 4 | 4 |
| Barcelona | 3 | 2 |
| Boca Juniors | 3 | 2 |
| Peñarol | 3 | 2 |
| Sao Paulo | 3 | 0 |
| Inter | 3 | 0 |
| Nacional | 3 | 0 |
| Bayern Munich | 3 | 0 |
| Independiente | 2 | 4 |
| Santos | 2 | 1 |
| Manchester United | 2 | 1 |
| Juventus | 2 | 1 |
| Ajax | 2 | 0 |
| rinthians | 2 | 0 |








## ماویەتی

کارلۆس تیڤێزی هێرشبەری ئەرجەنتینی، کە ئێستا بۆ یانەی شەنگەهای شینوای چینی یاریدەکات، دووپاتیکردەوە ئەو هێشتا توانای ماوە بەردەوام بێت لە یاریکردن و ڕایگەیاند «دەمەوێ بگەڕێمەوە خولی ئەرجەنتینی و یاری بۆ یانە کۆنەکەم، بۆکاجۆنیۆرز بکەم». لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا ڕایانگەیاند «چەند یانەیەکی پریمەرلیگ دەیانەوێ تیڤێزی تەمەن 33 ساڵان ببەنە ریزەکانیان، وەک نیوکاسڵ یونایتد و وێستهام یونایتد».

## گەڕی چوارەمی کۆمەڵەکانی چامپیۆنزلیگ..

# هەڵگەڕانەوە گەورەکە و نەبوونی پلان Bی زیدان

## «بارسا بە زەحمەت یارییەکانی دەباتەوە و لێبردنەوەشی ئەستەم نییە»

## «لە کۆمەڵەی شەشەمدا لەوانەیە گەورەترین سەرەوژووربوونەوە ڕووبدات»

## «دابەزینی ئاستی مارسێلۆ و دیارنەمانی ڕۆناڵدۆ لە کاتی پێویستدا دوودڵی درووستکردووە»







شرۆڤە: سەفین تەها

ورده ورده یارییەکانی قۆناخی کۆمەڵەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەرەو یەکلاییبوونەوە دەچن و هەستیاری زیاتر بە یارییەکانەوە دیار دەبن، بۆیە ئەگەر یارییەکت بینی تامی ڕووبەڕووبوونەوەکانی سەرەتای دەستپێکردنی خولەکەی نەدەدا، گلەیی مەکە، چونکە لەم گەڕە بەدواوە یارییەکان دەچنە دۆخی سەرف تەکتیکییەوەو ڕەنگە هەندێک یانە تەنیا بۆ خاڵێک یاری بکەن، یانیش لە ترسی ئەوەی گۆڵیان لێنەکرێت بەرگرییەکی بێ بەرپەرچدانەوە بکەن، جا بۆیە مەرج نییە هەموو یارییە بەهێزەکان لەدوای ئەم گەڕەوە چێژت پێببەخشن.

یارییەکانی ئەم هەفتەیەی چامپیۆنزلیگ دووبارەکردنەوەی گەڕی پێشترە، بەجۆرێک کە تەنیا یاریگەکان و ڕەنگی دریسی تیپەکان لەوانیە بگۆڕێت، بەڵام بەهێزی هەردوو تیپیش ڕێژەی نەگۆڕ نییەو بەشێک لە یانەکان خۆیان بۆ ئەم گەڕە ئامادەکردووە بۆ تۆڵە کردنەوە یانیش بۆ یەکلاییکردنەوەی کوێخایەتی کۆمەڵەکەیان.

ئەوەی بەدیدەکرێت تاوەکو ئێستا، خراپ دەرکەوتنی یانەکانی ئیسپانیایە، بەجۆرێک لە کۆی 3 یانە کە ساڵانی ڕابردوو هەمیشە باڵادەستبوون، ئێستا تەنیا بارسا یەکەمی کۆمەڵەکەیەتی و ڕیالیش یاری مان و نەمان لەسەر یەکەم بوون لەگەڵ سپێرس دەکات، کەچی یانەکانی ئاتلێتیکۆ مەدرید و سێڤیا مەترسی دوورخرانەوەیان لەسەرە.

لەم شرۆڤەیەدا جیاواز لەوانەی ڕابردوو بە کورتی لەسەر هەموو کۆمەڵەکان دەدوێین و ئەگەری سەرکەوتن یان ماڵئاوایی تیپەکان هەڵدەسەنگێنین.

### کۆمەڵەی یەکەم:

مانچێستەر یونایتد هەموو شتێکی بەدروستی ئەنجامداوە، خاوەنی 9 خاڵی تەواوەو هەموو یارییەکانی بردووەتەوە، تەنیا 3 خاڵی دیکە لە کۆی 3 یارییدا بەسە بۆ ئەوەی یونایتد بگەیێنێتە قۆناخی داهاتوو، لەگەڵ ئەوەشدا بیرمان نەچێت کۆمەڵەکەی مانیو تا ڕادەیەک ئاسانترە لەچاو کۆمەڵەکانی دیکەداو واشپێدەچێت ئەمساڵ یونایتد هەموو گرەوتینێکی خۆی بۆ ئەم خولە بخاتەگەڕ، لەلایەکی دیکەوە لە سویسرا ڕەنگە بلیتی دووەمی کۆمەڵەکە لەنێوان بازل و سیێسکا مۆسکۆدا یەکلاییببێتەوە، هەرچەندە بازل لە دەرەوەی یاریگەی خۆی 2 ـ 0 لە سیێسکای بردەوە، ئەمجارەش لە خاکی خۆیدا میوانداری دەکات، خۆ ئەگەر لێی بباتەوە، ئەوا سەرکەوتنی خۆی و مانیونایتدیش تا ڕادەیەک مسۆگەر دەکات.

### کۆمەڵەی دووەم:

لەم کۆمەڵەیدا ئەوەی چاوەڕێ ناکرێت گۆڕانکارییە لە هیوای سەرکەوتنی یانەکان، بۆ نموونە پاریس سانجێرمان ئەستەمە پلەی یەکەم لەدەستبدات، وەک چۆن بایرن میونشن پلەی دووەم بەرنادات، پاریس یاری ڕابردووی لە ئاندێرلەخت بردووەتەوە، دواتر ڕووبەڕووی بایرن میونشن دەبێتەوە خۆ ئەگەر بە جیاوازی 2 گۆڵیش بدۆڕێت هەر پلەی یەکەمی مسۆگەر کردووە، ئێستا شەڕی سێڵتیک و ئاندێرلەخت لەم کۆمەڵەیە تەنیا لەسەر گەیشتنە بە یۆرۆپالیگ و چاوەڕێ ناکرێت هیچ سوپرایزێک لە گرووپەکە ڕووبدات، سێڵتیک بەو پێیەی 3 خاڵی هەیە و یاری ڕابردووی لە ئاندێرلەخت بردووەتەوە، ڕەنگە نزیکتر بێت لە خولی ئەورووپی.

### کۆمەڵەی سێیەم:

بەهۆی بەهێزیی و گەورەیی یانەکانی نێو ئەم کۆمەڵەیەوە، هەموو گەڕێک یارییەکی خۆش بەدیدەکرێت، ڕۆما سوپرایزی ئەم کۆمەڵەیە بوو دوای ئەوەی هەردوو تاقیکردنەوە قورسەکەی بە یەکسانی بەڕێکرد، ئاتلێتیکۆش بە ئەنجامە خراپەکانی سوپرایزێکی دیکەی کۆمەڵەکە بوو، چێڵسی ئەگەر بێت و ئەم یارییە بباتەوە بەڕێژەیەکی زۆر بلیتێک مسۆگەر دەکات، بەڵام بیرمان نەچێت یارییەکە لە ڕۆمایە و بەرامبەر ڕۆمایە، کە یاری ڕابردوو دراماتیکییانە 3 ـ 3 یەکسان بوون، هەرچی یانەی ئاتلێتیکۆ مەدریدە بە دەستی خۆی کارەکەی قورسترکردو بەرامبەر قەرەباغ یەکسان بوو، ئەو یەکسانبوونەی کە لە مێژووی ئازەرییەکاندا دەنووسرێتەوە، ئێستا لە کۆمەڵەکەدا چێڵسی پاڵێوراوە بە پلەی یەکەم سەربکەوێت کە خاوەنی 7 خاڵە، ڕۆما بە پلەی دووەم کە 5 خاڵی هەیە و ئاتلێتیکۆش ئەرکی زۆر زەحمەتە تەنیا 2 خاڵی لە 3 یاریدا هەیە.

### کۆمەڵەی چوارەم:

ڕاستە بارسێلۆنا پێشەنگە و 9 خاڵی هەیە، بەڵام بیرمان نەچێت خاڵەکانی بارسا جگە لە یارییەکەی ئۆڵیمپیاکۆس، لە 2 یارییەکەی دیکە دوو حاڵەتی جیاواز هەبوون، یەکەمیان بەرامبەر یوڤێ کە یوڤێنتوس تیپێکی نا ئامادە و بێ سیستەم بوون و سەرەتای وەرز بوو، کێشەی باڵی ڕاستیش کاریگەری 100% بەسەر یارییەکەوە هەبوو، نامەوێ بە درێژی باسی یارییەکە بکەمەوە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بگەیێنم کە بارسا ڕاستە ئەنجامی باشە، بەڵام ئاستی بارسای جاران نییە، یانی بە زەحمەت دەیباتەوە و ئەستەمیش نییە لێی ببەیتەوە، ئێستا نا بەڵکو لە داهاتوودا بۆتان دەردەکەوێت.

لە کۆمەڵەکەدا بڕوام وایە یوڤێ و بارسا هەرگیز هەلی گەیشتن بە قۆناخی داهاتوو لەدەست نادەن و هەردووکیان دەگەن و سپۆرتینگیش باشترین یانەیە بۆ ئەوەی بگاتە یۆرۆپالیگ.

### کۆمەڵەی پێنجەم:

لە خۆی قورسکرد، یاری یەکەمی بەرامبەر سێڤیا زۆر بە ئەسانی لەدەستدا و نەیبردەوە، یاری دواتریش بەرامبەر سپارتاک بەهەمان شێوە، کەچی لە دوا یارییدا تووڕەیی خۆی بەسەر ماریبۆردا باراند و 7 گۆڵی کرد، گرنگ ئەوەیە لیڤەرپوول لەوە دڵنیایە کە 3 خاڵی یارییەکە ئەمجارەش مسۆگەرە، بەڵام چاوی لە یارییەکەی دیکەشە، سپارتاک مۆسکۆ لە یاری ڕابردوودا کارێکی مێژوویی بە سێڤیا کرد و 5 گۆڵی لێکرد، بۆیە ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت، ئەوا ڕەنگە بلیتی یەکەم بۆ لیڤەرپوول و دووەمیش بۆ سپارتاک، سێڤیاش جارێکی دیکە بۆ لای خۆشەویستەکەی یەکەمی کە یۆرۆپالیگە.

### کۆمەڵەی شەشەم:

لەم کۆمەڵەیەدا ڕەنگە گەورەترین سەرەوژووربوونەوە ڕووبدات، بەوەی کە ناپۆلی بگەڕێتەوە نێو ڕکابەرییەکان و جارێکی دیکە پلەی دووەم وەربگرێتەوە، ڕاستە ئەو تەنیا 3 خاڵی هەیە و 2 یاری دۆڕاوە، بەڵام یارییەکانی کە دۆڕاوە لە دەرەوەی خاکی خۆی بووە و یەکێکیان بەرامبەر بە سیتی بووە ئەوەی دیکە بەرامبەر بە شاختار، ئەم یارییە ناپۆلی ئەگەر بێت و تەنیا خاڵێک بەدەستبێنێت هەر باشە، لە 2 یارییەکەی دیکەدا دەتوانێت بەرامبەر بە فاینۆرد و شاختار شتێک بکات و بە یاوەری سیتی بگاتە قۆناخی داهاتوو.

### کۆمەڵەی حەفتەم:

ڕەنگە پێتان وابێت کە ئەم کۆمەڵەیە یانەکانی لاوازن! بەڵام ئەگەر کاتت هەبێت بە دیار یارییەکانییانەوە دابنیشیت، زۆر بەچێژە، بێشکتاش 9 خاڵی هەیە و یەکەمە، ڕەنگە بە وەرگرتنی تەنیا خاڵێک سەرکەوتن مسۆگەر بکات و باشترین ئاستی هەیە، هەرچی لایپزیگ و پۆرتۆ لەگەڵ مۆناکۆ خاڵەکانیان لەیەکەوە نزیکە ئەگەری زۆر هەیە مۆناکۆ کە بەخراپترین کاتەکانیدا تێپەڕدەبێت، ماڵئاوایی بکات، ئەو یانەیەشی لەگەڵ بێشکتاش دەگاتە قۆناخی 16 لە نێوان لایپزیگ و پۆرتۆدا دەبێت.

### کۆمەڵەی هەشتەم:

ڕیال مەدرید کە زۆرترین قسەوباسی لەسەربوو لەم هەفتەیەدا ئەویش دوای دۆڕانی بە خیرۆنا، لە کاتێکدا ئەو پێویستی بەبردنەوە یانیش بە بەرامبەربوون زیاتر لە گۆڵێکە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بە پلەی یەکەمی کۆمەڵەکەی سەربکەوێت، تۆتێنهام باشترین یاریکرد، دوو هەفتە بەر لە ئێستا لە شرۆڤەی پێشتردا گوتم ئەم یارییە لەنێوان ڤایرۆس و ئەنتی ڤایرۆسدایە، ئەمجارەش بەهەمان شێوە، زیدان پلانی دووەمی کار ناکات، بەهۆی پێکانی بەشێک لە یاریزانەکانییەوە، کە گرنگترینیان کارڤاخال، گارێس بەیل و کۆڤازیچە، دابەزینی ئاستی مارسێلۆ و دیار نەبوونی ڕۆناڵدۆ لە کاتی پێویستدا دوودڵی درووستکردووە، پێشبینی دەرکەوتنی ریالێکی جیاواز دەکەم، بەڵام هیچ کات تۆتێنهامیشم ئەوەندە بە باڵادەستی نەدیوە، کەواتە 50 % بە 50 % بۆ هەردوولا، دۆرتموندیش هەتا دێت بەرەو خراپتر دەچێت.

KOREK Telecom

تەنها بۆ تۆ
ئۆفەری نایابی کورەك

ONLY FOR YOU

مەهێڵە هیچ نامەیەکی (کورەك)ت لەدەستبچێ...
بەردەوام نامەی وەرگیراوت بخوێنەوە بۆ ئەوەی
سوودمەندبیت لە ئۆفەری ناوازە.

korektel.com
411

KOREK Telecom

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 471 )
سێشەممە 2017/10/31

## لەبیر ناکات



تۆتۆ سکیلاچیی هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتالیاو گۆڵکاری مۆندیالی 1990 دانی بەوەدانا کە مەشق بە تیپێکی ئاواران دەدات لە شاری سقیلەی ئیتاڵی. سکیلاچی گوتی «من سەرپەرشتی مەشق و ڕاهێنانی تیپێک دەکەم کە هەموو یاریزانەکانی لە منداڵی ئاوارەکان پێکهاتوون، هەفتانە 3 ڕۆژ مەشقمان هەیەو هەموو یەکشەممەیەکیش یارییەکی دۆستانە دەکەین، من رابردووی خۆم لەبیر ناکەم، کە چۆن تۆپی پێ ژیانی ڕزگارکردووم، دەمەوێ ئەوانیش وەک من بن».

# عەرەبێک دەبێتە زاوای ڕۆناڵدۆ



## من حەزم لە خشڵ نییە

**ڕووداوی وەرزشی ـ Sport**

ڕۆژنامەی ئیلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی، ئاشکرایکرد ئەحمەد ئەبو هەشیمەی کارسازی میسری، لەوانەیە داوای هاوسەرگیری لە خوشکی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، گۆڵکاری ڕیال مەدرید بکات. ڕۆژنامە کەتالۆنییەکە دووپاتیدەکاتەوە، ئەبو هەشیمە کە لەو ماوەی دوایی، بەتوندی چووەتە نێو ژیانی کار و خێزانی ڕۆناڵدۆوە، دیاری هاوسەرگیری پێشکەش بە کاتیا ئەڤیرۆ کردووە، کە بریتییە لە ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماس، ئەوەش هەنگاوێکی لەناکاوی ئەو پیاوە کارسازە میسرییەیە، کە بڕیاریداوە دەست بە ژیانێکی تازە لەگەڵ کاتیای خوشکی ڕۆناڵدۆدا بکات. کاتیا وێنەی ئەنگوستیلەکەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵام وادەی ئاهەنگی هاوسەرگیری ڕانەگەیاندووە. کاتیا وێنەکەی لەسەر ئەژماری خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردووەتەوە، کۆمێنتێکی نوسیووە و تێیدا دەڵێت «من حەزم لە خشڵ نییە و خۆشەویستیم پێ باشترە، بەڵام ئەو ئەنگوستیلەم زۆر بەدڵە»، لەو کاتەی هەمان ڕۆژنامە دووپاتیدەکاتەوە، کاتیا ڕازی بووە شوو بە ئەبو هەشیمە بکات، بەڵام هێشتا ڕێککەوتنی فەرمی لەسەر وادەی ئەنجامدانی ئاهەنگی هاوسەرگیری نەکراوە، چونکە لە تویتەکەی وادەکەی ئاشکرا نەکردووە.

ئەمە لە کاتێکدایە، کە هاریکاری ڕۆناڵدۆ و ئەبو هەشیمە لە ڕیکلامێکی بازرگانی تایبەت بە کۆمپانیایەکی ئەبو هەشیمە لەئارادایە، بەمدواییەش خێزانی ڕۆناڵدۆ بوونە میوانی ئەبو هەشیمە، لە کاتی گەشتکردنیان بۆ قاهیرە و شەرەم ئەلشێخ.

مێردەکەی شەوانە درەنگ دەگەڕێتەوە ماڵەوە..

# ژنەکەی زیزۆ دڵخۆش نییە



**ڕووداوی وەرزشی ـ AS**

ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی دووپاتیکردەوە، هاوسەری زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری فەرەنسی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، بە کارکردنی مێردەکەی وەک ڕاهێنەری یانەی شاهانە دڵخۆش نییە.

هەرچەندە ڤیرۆنیکا شانازیی بە سەرکەوتنی مێردەکەی لەگەڵ ڕیال مەدرید دەکات، کەچی لە پەراوێزی ئامادەبوونی لە دوایین ئاهەنگی فیفا، بە کەسانی نزیکی خۆی ڕاگەیاندووە، زیزۆ ئێستا زۆر لە ماڵەوە ئامادە نییەو بەهۆی زۆر کارەکانی لەگەڵ ڕیال مەدرید، زۆر بەدرەنگی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەوەش دڵخۆشی ناکات و خێزانەکەشی ئاسوودە ناکات، هەرچەندە ئەو لەوە ڕاهاتووە، چونکە زیزۆ پێشتر یاریزان بووە و ئێستاش کوڕەکانی یاری تۆپی پێ دەکەن.

بە گوێرەی ڕۆژنامەی AS بێت، هاوسەرەکەی زیدان ئارەزووی دەکرد، مێردەکەی دوای وازهێنانی لە یاریکردن وەک یاریزان، لە تۆپی پێ دوورکەوێتەوە، کەچی پەرۆشی بۆ یارییەکە، وایکرد بە شێواز و ڕیتمی ژیانی تازەی خێزانەکەی ڕازی بێت.

# ئەدریانۆ وەک ئاژەڵ بوو

**ڕووداوی وەرزشی ـ Samba**

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، ئەستێرەی سوێدی ڕایگەیاند بەهرەمەندترین یاریزان کە لەتەکی یاری کردبێ، یاریزانی بەرازیلی ئەدریانۆی هاوتیپی پێشووی لە ئینتەرمیلان بوو، هەرچەندە ڕۆناڵدۆی دیاردەی بەرازیلی بە نموونەی باڵای خۆی دەزانێت.

ئیبراهیمۆڤیچ لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی سپۆرت پیپۆڵی بەریتانی، گوتی "لەتەک چەندین پاڵەوانی مەزن یاریم کردووە، لەتەک یاریزانانی نایاب و ئیدیکە یاریم کردووە، کە بەهرەیانم دیوەو پاشان بوونەتە نایاب".

گوتیشی "بەڵام ئەو یاریزانەی کە پێشبینیم دەکرد ماوەیەکی درێژتر لە لوتکە بمینێتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو ئەدریانۆ بوو، ئەوکاتەی لە ئینتەرمیلان بووم. دوای چوونم یەکەم شت کە لە سەرۆکی ئینتەرم داواکرد ئەوەبوو، ئەدریانۆ بهێڵێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو یاریزانە بوو، کە دەمویست لەگەڵی یاری بکەم، چونکە وەک ئاژەڵ بوو و دەیتوانی لە هەموو شوێنێک شووت بۆ گۆڵ لێبدات، کەس نەیدەتوانی تۆپی لێوەرگرێ یان ڕایگرێ، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند".

ئەدریانۆی تەمەن 36 ساڵان، کە بە "ئیمپراتۆر" دەناسرێت، ئێستا لە گەڕەکێکی پڕ لە چەتەی چەکدار لە ویلایەتی ڕیۆدی جانیرۆی بەرازیلیدا دەژی. ئەدریانۆ کە 4 نازناوی کالچیۆی بەدەستهێناوە، لەگەڵ تیپی مەیامی یونایتد لە خولی پلە سێی ئەمریکا یاریدەکرد، بەر لەوەی لە ئایاری 2016 گرێبەستەکەی هەڵوەشێنێتەوە، لەوکاتەوە یاری تۆپی پێی نەکردووە.



## پێشبڕکێی





به کورتترین و جوانترین کۆمێنت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

0750 833 3555

براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو: مەهدی کەمال لە هەولێر

بە کۆمێنتی: (چیم کردووە، خۆت شێت کردووە؟)

KOREK Telecom

هەمیشە دڵشادبە
ئینتەرنێتی ڕۆژانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە




لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکارییانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دینارە و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دینارە و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com

RÛDAW

(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

www.rudaw.net

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ئاکار جەلیل

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە